# ئەمریکاو دۆزی کورد



سامان عوسمان سەعید

بە پێچەوانەی مێژووی سەدەکانی پێشووەوە، کە سیخناخە لە شەڕوململانێ وبێ متمانەیی لەنێوان فارسەکان وڕۆمەکان ولەلایەکی تریشەوە لەنێوان ئەوروپای مەسیحی وعوسمانییەکاندا، ئەمەریکی یەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە خاوەنی (جوگرافیایەکی فراوان و مێژوویەکی کەمن).

ئەمەریکا بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی بەلۆژیکی قازانج بردنەوەوە مامەڵەی کردووە،وەك نووسەری بەناوبانگی میسری (محمد حسنین هیکل) لە کتێبەکەی (**من نیورك الی کابول**) دا ئاماژە بە مێژووی ئەمەریکا دەکات، وەك کۆمپانیایەکی هاوبەش دروست بووەوهەر بەو شێوەیەش بیر دەکاتەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەمرۆ لەگەڵ کێ دەبێت وسبەینێ لەگەڵ کێیتردا، بۆ ئەمەش وتەیەکی (دۆناڵد رامسفێڵد) دێنێتەوە کە دەڵێت (ئەرکەکانمان هاوپەیمانییەکانمان دیاری دەکەن)، تاکو ئێستا ئەمەریکا باکگراوندێکی فیکری وڕۆشنبیری دیاریکراوی نییە بۆ ڕوانینە جیهان و هەر بە لۆژیکی قازانج و بردنەوە مامەڵەی کردووە، وەك لە بردنەوەی جەنگە جیهانیەکانی یەکەم و دووەم هەرەس هێنانی سۆڤیەت، ئەگەر چی ئەمریکا لە میانەی ئەو ململانێ درێژخایەنەدا چەند شەڕێکی دۆراندبێت وەك لە ڤێتنامدا بەسەری هات بەڵام ئاکامی هەموو ململانێیەتیەکانی هەر بردنەوە بوو.

ئاشکرایە لەسەروبەندی هەموو رووداوو گۆرانکارییەکاندا سیستەمێکی جیهانی تازەهاتۆتە پێشەوەوبۆتە زلهێزی سەردەمی خۆی، خۆئەگەر یەکێتی سۆڤیەت لە ململانێکەیدا لەگەڵ ئەمەریکادا ئەولایەنی سەرکەوتوو بوایە ئەوا ئێستا بەرنامە رێژییەکانی سۆڤیەتوکۆمۆنیزمەکەیان بەجیهانی دەکران، بۆیە دەبینین ئەمرۆ ئەمەریکا وەك لایەنی




براوە لە بەرامبەر هەموو چەمکەکاندا خۆی لە لوتکەی هەرمی سیاسی وسەربازی وئابووریی جیهاندا بێ هیچ رکابەرێکی کاریگەر دەبینێتەوە، ئەمەش خستویەتیە بوارێکی کەم هەرەشەیی لاوازەوەو پاڵیشی پێوەناوە بیر لە تەواو کۆنترۆڵ کردنی جیهان بکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا .

جاران ئەگەر لە ریزی دواوە تەماشاکار بوایە، ئەوەتە ئەمرۆ لە ریزی پێشەوەیەو لە هەموو کاروبارێکی جیهان دەست وەردەدات و بۆتە ئیمپراتۆرریەتێك کە لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبێت و جێدەستی دیار بێت، لەم سیستەمە نوێیەی جیهاندا، ئەمریکا خوازیاری بەجیهانی کردنی زۆرێك لەو چەمك و بەهایانەیە کە خۆی بە هەڵگریان دەزانێت و لەو باوەڕەشدایە چەسپاندنیان لە بەرژەوەندی جیهان و خۆشی دایە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئاسایش وچاکسازی بۆ بەجێ گەیاندنیان دەخوازێت لەو چەمکانەی کە ئەمەریکا زۆر سوورە لەسەر پیادەکردن و چەسپاندنی بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتدا ئەویش جێگرکردنی ئازادی و دیموکراتییە چونکە لە روانگەی ئەمەریکاوە زۆرترین ستراتیژەکانیان بەم رێگایە دێتە دی، بەوتێروانینەی ئەگەر رژێمەکانی ناوچەکە دیموکراتی بن، ئەوا رۆژێك لە رۆژان بیر لەوە ناکەنەوە کە نەوت وەك چەکێك بەکاربێنن، وەکوو رژێمی سەدام حسێن لەرۆژگارەکانی خۆیدا پێی دەنازی بەرامبەر بە رۆژئاوا هەر بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانیشی دوو شێوازی گرتە بەر لە شێوازی یەکەمدا راستەوخۆ روخاندنی رژێمەکانی وەك تالیبان و بەعسی گرتە بەر، شێوازی دوومیشی بریتی بوو لەفشار خستنە سەرحکومەتەکان تارێگەی دیموکراتیانە لە دەستەڵاتیاندا بگرنەبەر وەك لەمیسرو وڵاتانی کەنداو وئەو ووڵاتانەی کە بە (دەوڵەتە یاخییەکان) ناویان دەبات، لەوە دەچێت ئەمەریکا لەم قۆناغەدا بیەوێت ناوچەکە بەشێوەیەکی نیمچەیی بشڵەقێنێت، تابزانێت ئەنجامەکەی لەچ ئاستێکدایە چونکە واقعی ناوچەکەوکۆمەڵگاکانیشی لەبنەرەتدا لەبارنین بۆئەوە شێوە دیموکراتیەتەی کە ئەمەریکا دەیەوێت بچەسپێت، باشترین نموونەش عێراقی ئێستایە کەلە دوای روخانی بەعس، واقیعێکی دیموکراتی نەك سیستەمێکی دیموکراتی باڵی بەسەردا کێشاوە، راستە واقعەکە بۆتە دیموکراتی بەڵام عەقڵەکانی ناوعێراق، دیموکراتیان بۆ هەرس ناکرێت، خۆئەگەر چاودێری ئەمەریکا نەبێت ئەوا ئەو واقعە دیموکراتیەی عەرەب ، سەرمان دەخوات کەواتە تاکەپارێزگار ئەمریکایە کەبارودۆخەکەی راگرتووە، لە دەرەوەی بازنەی عێراقیشدا ئەگەر

ئەمەریکا نەبوایە کێ هەبوو لە توانایدا بێت گەلی بۆسنەوکۆسۆڤۆ رزگار بکات و(میلۆسۆڤیچ) راپێچی زیندان بکات، سوریا لەلوبنان دەربکات، کە لەحەفتاکانەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە چنگی تێخستبوو، تەنانەت کاتێک سۆماڵیەکان ئەمەریکایان لە ولاتەکەیان دەرکرد بێجگە لە شەڕی ناوخۆ ، چیان پێبڕا!؟ ، پاشان کێ هەیە بتوانێت دەوڵەتێکی عەرەبی بۆ فەلەستینەکان دروست بکات، هەر بەتەنیا ئەمەریکایە کە لە توانایدایە ئاشتی لە ناوچەکەوجیهاندا بچەسپێنێت لە زۆر کاتدا ئەمەریکا نەك هەر خۆی مەبەستەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت بەڵکو لە زۆربەی کاتدا گوشار دەخاتە سەر ولاتە گەورەکانی تری وەك بەریتانیاو فەرەنسا و چینیش تاکووکارئاسانی بۆهاوپەیمانیەکانی بکەن لەهەندێك کاری تایبەتیدا وەك ئەو پاڵە پەستۆیانەی دەیخاتە سەر یەکێتی ئەوروپا بۆوەرگرتنی تورکیاو هەندێك لە ولاتانی ئەورووپای رۆژهەلات بۆئەندام بوون لەرێکخراوەکەیاندا، راستەکورد دەسخەرۆی سیاسەتەکانی پێشووی ئەمەریکایە، هەرلەورێگەیەشەوە تووشی بەلاونەهامەتی جۆراوجۆربووە، ماڵوێرانی زۆری بەسەردا هێنراوە وەك چۆن مامۆستای هێژاو مێژوونوسی گەورەی کورد( دکتۆر کەمال مەزهەر) دەڵێت(سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ هەمووان خێری دایەوە بۆ کورد نەبێت رمان‌وکەوتنی شۆرەویش بۆ هەمووان خراپ بوو بۆ کورد نەبێت) منیش بە شێوازی ئەو بۆ مەبەستێکی تر دەڵێم( سەرکەوتنی ئەمەریکا لە بەرامبەر روسیا تاك جەمسەر بوونی لەم سەردەمەدا ئەگەر زیانی زۆری بۆ دیکتاتۆرەکان و



نەیارانی دیموکراتی هەبێت ئەوا دەبێتە مایەی خێرو خۆشی بۆ گەلی کورد) بەتایبەتی لەبەشە کوردستانەکەی عێراقدا.

زۆر جار نوسەرانی ئێمە رەخنە لە ئەمەریکا دەگرن لەوەی کە دەیەوێت جیهان داگیر بکات، هەمووئەوبۆچوونانە لەباکگراوندێکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوەوە سەرچاوەیان گرتووە بەلام ئێمەی کوردخاوەنی چین تاکووترسی لەدەست دانیمان هەبێت، کۆمپانیا فرە رەگەزەکانمان، ئابوری و ژێرخانە بەهێزەکەمان هێزەسەربازییەگەورەکەمان،... چیمان هەیە تاکولەبەرامبەر لە دەستدانی بترسین، ئەوەی هەمانە تەنیا نەوتەکەی کەرکوکە، ئەویش هێندە چاوی پیسی لەسەرە خەریکە ووشك دەکات، ئاشکرایە ئەوئازادیەی کە ئێستا لە کوردستان هەیەو خۆمان بە خوێنی شەهیدەکانمان و ئەنفال وهەڵەبجەوە هەڵدەکێشین زۆری بەیارمەتی ئەمەریکا هاتونەتە دی، ئایا رۆژێك لە رۆژان لەو مەینەتیانەدا بەدەستی رژێمە خوێنرێژەکەی بەعسی عێراق بەسەرماندا هاتووە، هیچ کام لەرێکخراو،حیزب،حکومەتەکانی بەناوئیسلامی،

عیلمانیش نوزەیەکیان لێوە هات تا هیچ نەبێت جیاوازی بکات لە پیروگەنج ومناڵدا لە بەرامبەر ئەمەدا هەندێکیان پاساویان بۆ رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس دەهێنایەوە زۆریشیان بە ئاشکرا بە تایبەتی حیزبە بەناو ئیسلامییەکانی عەرەب، ئێمەیان لە ریزی( الامة الاسلامیة) دەرکردەوە بۆنمونە بزاڤێکی وەك(الاخوان المسلمین) لەرێگای بەیاننامەیەکەوە کە رابەرەکەیان (محمد حامید ابو نصر) لە ساڵی 1991دا سێ ساڵ دوای بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیاوی دژی گەلی کورد دەریان کرد نەك وەك موسڵمان داکۆکی لە کورد نەکرد بەڵکو کوردیان تاوانبار کرد کە بونەتە هۆی بەکارهێنانی ئەو چەکەو لە بەیاننامەکەیاندا پێیان ووتین( لقد تم تعریظهم من قبل الاستعمار بحرکات انفصالیة فی جسم العراق) ئەمە هەڵوێستی حیزبێکی عەرەبی ئیسلامی ناسراوە بەرامبەر بە رەشە کوژی پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیری موسوڵمان بەدەستی خوێناوی رژێمێکی پیاو کوژی دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا بابە هەڵە تێنەگەین و بڵێین رێوی بە پیرمانەوە هاتووە دەستەو ئەژنۆ دانشین کورد واتەنی (کەسێك بە تەمای دراوسێ بێت بێ شێو سەر دەنێتەوە)، بەڵکو دەبێت زۆر بەهەستەوەرانەو هەموومان لە ژێر رەشماڵی تەباییدا دەست بخەینە دەستی یەکترەوە بەبێ گوێدانە بیری جیاوازو حیزبایەتی تەسك مامەڵە لەگەڵ گۆرانکاریەکاندابکەین چونکەئەوهێزەی ئەمرۆکارادەبێت لەهەموو گۆرانکاریە کاندا، لەژێر چاویلکەی بەرژەوەندیەوە شتەکان دەخوێنێتەوەو هەر ئەو هێزەش بوو کە هاوکاری لە بەهێز کردن وپڕ چەککردنی ئەو رژێمە دەکرد کە جینوسایدی دەکردین، بەڵام ئەمرۆ خۆشبەختانە لەسایەی ئەو گۆرانکاریانەوە لەسەرانسەری دونیادا رویداوە تای تەرازووی بەرژەوەندیەکان بەلای کوردا شکاوەتەوە و کورد رۆڵێکی بالای هەیە لە هەموو ئالوگۆڕو گۆرانکاریەکان لەناوچەکەو عێراقدا.

ماوەیەك بەر لە ئێستا کۆمەڵێك بابەت ورۆژێنران کەبەشێکیان وایان لە هەندێك لایەن کرد بڵێن ئەمەریکا لەوەودوا پشت لە کوردەکان دەکات و دوور نیە لەسەر حسابی کورد لایەنەکانی تر رازی بکات. دروست بوونی ئەو بۆچونانە دەرئەنجامی ئەو فشارە نەخشە بۆ دارێژراوانەیە کە لەسەر هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێن، ئەو فشارانە وایان کرد زۆربەی چاودێرانی سیاسی و تەنانەت ئەو سیاسەتمەدارانەش کە خۆیان راستەوخۆلەکایەکاندابوون، وابانگەشەبکەن کەچیترگۆڕانی هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی کورددا نیە تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی یەکێك لە توێژەرەوە خاوەن سەنگەکانی ناو میدیای عەرەب کە لە ژێر سەردێرشی (کۆتای خەونی کورد)دا، بابەتێك بنوسێت لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبونی ئەو حاڵەتانەش مەسەلەی رێگە پێدان بووبە سوپای تورك، تاکو هێرش بکەنە سەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بە بیانووی هەبوونی هێزەکانی(pkk)ولەلایەکی تریشەوەهاتنی(کۆندۆلیزارایس)وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کەرکوك کە بەنوێنەرایەتیەکانی شارەکەی گوت( پێویستە مێژوو لە یاد بکەن).

راستە بەرنامەوخواستێك هەیە بۆپەراوێز خستنی رۆڵی کورد لە رێگەی دروست کردنی




کێشەی(ئابوری وسیاسی وئەمنی)یەوە، بەڵام ئەو بەرنامانە بە ویستی ئەمەریکا نین، وەك بینیمان(دیك چینی) لەگەشتەکەیدا ستایشی هەرێمی کوردستانی کرد،ئەم هەرێمەی بەسەرکەوتووترین وباشترین نمونە وەسفکرد. لێرەدا راستیەك هەیە کە هەموومان دەبێت لەبەرچاوی بگرین ئەویش ئەوەیە کە ئەمەریکا لەم کاتە ئالۆزەدا ئامادە نیە، هاوکاری هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بکات لەسەرحسابی لایەنێکی تر ، لەبەرژەوەندی ئەودا نیە پێکهاتەیەك لەسەر مافی ئەوانی تر بەهێز بێت.

هاتنی دیك چینی جێگری سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کوردستان هەموو ئەو گرەوانەی بەتاڵ کردەوە کەلەسەرە ئایندەی پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەکران، دیك چینی لەوسەردانە چاوەڕوانکراوەکەیدا بێجگە لە دەعوەتنامە رەسمییەکەی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان تاکو سەردانی ئەمەریکابکات، کۆمەڵێك بابەتی گرنگی لەگەڵدا تاووتوێکرد لەوانە داوای لە سەر کردایەتی سیاسی کورد کرد کە پرۆژە یاساکانی نەوت و غاز پەسەند بکەن، شایەنی باسە لەم سەردانە گرنگەدا ئەمەریکیەکان سەلماندیانەوە کە کورد دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاوله عێراقدا بگێڕن لە پرۆسەی سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقیشدا ئەمەریکاو عێراقیەکان پشت بەکورددەبەستن. بێگومان ئەم رۆڵەی کوردیش لەکاریگەریە پراکتیکیەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دەبێت ئێمەی کورد ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چۆن بتوانین ئەم پاڵپشتیە بکەینە پاڵپشتێکی بەردەوام چونکە سیاسەت گەمەیەکی شەیتانیە، وەرگرتن وبەخشینە هەر بۆیە لە پێناوی بەرژەوەندیەکانمان وهاتنەدی خواستەکانی گەلەکەمان لەبە کوردستانەکەی سەر بە عێراقدا پێویستە بەرژەوەندیە باڵاکانی ئەو هێزە بپارێزین و بەبەشێکی خۆمانی بزانین. رێگای راستەقینەش بۆ زامنکردنی(ئیلتزامی ئەخلاقی)ئەمەریکاوتەواوی دنیابۆکورد لەیەکگرتن وپەیرەوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدایە،ئەوکاتە دەتوانین بیسەلمێنین و پیان بڵێین( بەڵێ ئێمە گەلێکی زوڵملێکراوتازەئازادودیموکراتخوازین وئەوەتا دامەزراوەی مەدەنیمان پێك هێناوە، ئەوداهاتەی دێتە دەستمان بۆئاوەدانکردنەوەی وڵاتمان دەیخەینە گەڕ)لەهەمان کاتدا بەم رێگایە دەتوانین یەکێتییەکی بەهێزوتۆکمە لەنێوان دەسەڵات ومیللەتدا دروستبکەین کەئەوەش دەبێتە مایەی ئاسوودەیی تەواوی گەلی کوردستان و دۆستەکانیشمان ئەوکاتە ئەمەریکاو هەموو هێزە دیموکراتی خوازەکانی جیهان پشتیوانیمان لێدەکەن و گیانی هەموو شەهیدەکانیشمان ئاسوودە دەبێ.

**پۆزش**

**لەژمارەی پێشوودا( 8 ) بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە ئەم بابەتە تەواو دانەبەزی ، لەگەڵ بابەتێکی تردا تێکەڵ ببوو ، بۆیە داوای لێبوردن لە کاك سامان وخوێنەران ئەکەین.**